
پارێزگای هەولێر لە بارەی سووتانی بازاڕی لەنگە ئاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە.



پارێزگای هەولێر لە بارەی سووتانی بازاڕی لەنگە ئاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەی پارێزگای هەولێردا هاتووە، دوای ئاوڕی شەوی ڕابردوو 2024.2.27، ئاگرکی گەورە لە بازاڕی لەنگی شاری هەولێر کەوتەوە، دەمودەست تیمەکانی بڕگریی شارستانی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و لە ماوەیەکی کەمدا بە هاوکاری ئەفسەر و کارمەندانی توانرا ئاگرکە کۆنترۆڵبکرێت، کە بەهۆیەوە لکەی (2400) دوکان (166) دوکانی بازاڕەکە سووتا و زیانیان پێگەیشت، ئاوڕ جگە لە (90) کەس لە کارمەندانی بڕگری شارستانی و کاسبکارانی بازاڕەکە و هاوڵاتیان بەهۆی دوکەڵی ئاگرکەوە تەندروستیان تێکچوو، بەشکیان لەلایەن تیمەکانی تەندروستی لە شوێنی ڕووداوەکە چارەسەرکران و (24) کەسیشیان گواستراونەتە نەخۆشخانە و چارەسەری پێویستیان بە کرا و ڕاوانی ماڵەوە کرانەوە.

پارێزگای هەولێر ڕایگەیاندووە، ئاگرکەی بازاڕی لەنگە، ئاگرکی ئەجگار گەورەبوو بە بڕزی زیاتر لە سێ مەتر و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نەبوو، هەموو هەوڵکی تیمەکانی بڕگری شارستانی و تیمەکانی تریش بۆ ئاوڕ بوو ئاگرکە کەمترین زیانی هەبێت و کۆلۆپڵی کاسبکاران لە سووتان ڕزگار

بکرێت، سوپاس بۆ خودا لە هەوادانی ئێو کارەساتە لە شارەکەمان جگە لە زیانی ماددی هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووە.

پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەوەش کردووە، وەک دەستخۆشی لە تیمەکانی (بەرگری شارستانی، پۆلیس، ئاسایش، زێرەڤانی، هاتووچۆ، تەندروستی، شارەوانی4 و سەرکایەتی شارەوانی) لە بەرامبەر هەوڵەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە و بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووان.

لەو کۆتاییدا راگەیاندراوە، کاسبکاران و هاوڵاتیانی شارەکەمان دڵنیا دەکەینەوە لە سەر فەرمان و ئاسپاردەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگاری هەولێر لیژنەیەکی تایبەتی لە سەرجەم لایەنەکان پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە هۆکاری کوتنەوەی ئاگرەکە، هەر ئەمڕۆش دوای خەماندنی زەر و زیانی بازاڕەکە لەلایەن لیژنەکانەوە تەواوی بازاڕەکە لەلایەن تیمەکانی شارەوانی پاککرایەوە.